# گرتنی ١٥٠هەزار لاو بە بیانووی نەپووشینی جل و بەرگی داپۆشراو




چوار ڕۆژ بەر لە سەرەتای گەڵاڵەیێك كە بە گەڵاڵەی موبارەزە لەگەڵ دانە پۆشراوی ناسراوە. ئیسماعیلی موقەدەم فەرماندەی هێزی ئینتزامی ڕژیم لەگەل پێدا هەڵ گوتن بە هێزە جەللادەکانی ڕژیم لە تاران گوتی: ئەوەی کە خراپ جوڵاوەتەوە و ئامانجی تێك دانی بەرنامەمان بووە گیراون و ژمارەیان دەگاتە ١٥٠هەزار نەفەر، کە زۆرێك لەوانە لە دوای تەمێ کردنیان و وەگرتنی زەمانەت بە شێوەی کاتی ئازاد کراون. ئەحمەدی موقەدەم، چاودێرکردنی لە سەر خەڵکی تارانی نەشاردەوە و بە ئاماژە بە بیروبۆچوونی چۆنیەتی هەڵسوو کەوتیان گوتی: مأمورانی انتظامی بەشێکیان نهێنی کاردەکەن و ڕەفتاری هەموو کەسیان لە ژێر چاودێری دایە و هەرجێگەیێك بنواڕی کامێرایان داناوە بەچاکی وەزعەکە کۆنترۆڵ دەکەن. فەرماندەی هێزی انتظامی ڕژیم، بۆ شاردنەوەی جینایەتەکانی هێرشی کردە سەر هەواڵنێران و بڵاوکراوەکان و گوتی کە ئێمە دانە پۆشراو لات و لوتمان گرتوە و ئەوان دیفاعیان لێ دەکەن. موقەدەم دانە پۆشراویشی بە تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی ناوبرد و ئاماژەی بەوەدا کە هەرکەس دژ بەو بەرنامەیان بێ، ڕاپێچی زیندانی دەکەن و بۆ ئەوەی گیانیان پارێزراو بێ لێ دەکۆڵنەوە و پاش ئیسلاح کردنی بە ڕەفتارێکی ئیسلامیانە دەیدەنەوە دەست کۆمەڵگە. ژنێکی هەواڵنێر، کە سەروە دانشجویانی ئیران(ئیسنا) بوو لە موقەدەمەی پرسی ئەو گەڵاڵە بۆ ترساندنە و بەس و ئەو موبارەزەی کە ئێوە دەیکەن، خەباتە لە دژی نەهێشتنی بیروبۆچوونی جیاوازە و پێویست ناکات بەناوی بەد حیجابی و بەو بیانووەهەزاران لاوی ئازادو بیرجیا ڕاپێچی زیندان بکەن. موقەدەم بە هەڵوێستێکی توندەوە گوتی: خانم ئێوە ئافرەتن ئەگەر لە شەقام دا بڕۆیت و چەند کەس ڕێگەت پێ بگرن هەڵویستت چی دەبێ ئایا نیگەران نابیت. موقەدەم جیاواز لە سوکایەتی بە خانمە هەواڵنێرەکە، ڕووبەڕووبوونەوە لە دژی بەد حیجابی و موزاحەمەتی خەیابانی تێکەڵ کرد و بە گاڵتەجارانە بە جێگەی باس لە ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتی بەد حیجابی بکا، باسی موزاحەمەتی کرد کە ئەوە بووە هۆی ڕق و تورەی ژمارەیێك لە هەواڵنێرو بڵاوکراوەکان. بە هاتنە سەر کاری ئەحمەدی نژاد و کەوتنە دەستی پۆستەکان بە پاسداران، فەزایێکی پۆلیسی باڵی بەسەر ئیراندا کێشاوە و هیچ تاکێك هەست بە ئاسایش ناکات. بۆ ئەو حەرەکەتانەی کە ئەنجام ئەدرێ، نوێنەرانی مەجلیسی ڕژیم کە ئاخوند و ئاخوندزادە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە سەر کوتی خەڵك بەشدار بوون و دەستیان بە خوێنی هەزاران لاوی ئازادبیر سوور بووە، پشتیوانی لە گەڵاڵەکانی هێزی ئینتزامیی دەکەن و یەکەم هاندەری ئەو هێزە سەرکوتگەرەن. بە دوای زۆربوونی ڕەخنەی کۆمەڵانی خەڵك و ژمارەیەك دامەزراوەی سەربەخۆی ئیرانی و دەرەوە لەگەڵ هێرشەکانی هێزەکانی بە ناو ئینتزامیی لەگەڵ دانەپۆشراوی، ڕۆژی چوار شەممە ٥ی بانەمەر ٢٠٣نوێنەری مەجلیسی حەوتەم پشتیوانیان لەو گەڵاڵە کرد. لەنامەی ئەو نوێنەرانەی ڕژیمدا هاتوە کە موبارەزە لەگەڵ فەسادی کۆمەڵایەتی و نائەمنی و بەتاڵی و بەرەڵایی ئەوانە هۆی هەڵتەکاندنی شیرازەی نیزامی خەڵك سالاری دینی فەرهەنگی بەبەهاو کۆمەڵگەی بەهێزی ئیسلامیە. نوێنەرانی ڕژیمی ئاخوندی ئازادی ڕادەربرین و پۆشین بە فەرهەنگی ئیستعماری و ڕەزاخانی دەزانن و پێداگریان کردوە کە کۆمەڵگە دەبێ لە سەر ئەساسی بەرنامەی جمهوری ئیسلامی بێ و دووپاتیان کردەوە کە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی باش ڕژیمی ئاخوندی لە هەر کارێك درێغی نەکەن.

***

# ڕژیمی ئێران بۆمبی بەهێز دەداتە سونیەکان

لێپرسراوێکی بەرزی ئەمریکا لە عێراق ڕایگەیاند کە بۆمبی بەهێزی قەراخ ڕێگە کەدروستکراوی ڕژیمی ئێران بووە بەدەست شیعەکانەوە بووە، لە لایەن بەرهەڵستکارە سەنیەکانیش کەڵکی لێ وەرگیراوە. ژنرال ریك لنچ، فەرماندەی هێزی چەکداری دەریایی ئەرتەشی ئەمریکا ڕۆژی یەك شەممە ١٦ی بانەمەر بەکۆمەڵێك هەواڵنێری دەرەوەی گوتووە کە بوونی مادەی تەقینەوە لە دەست تاقمە چەکدارە سونیەکاندا، دەرخەری نفوزی ڕژیمی مەلاکان لە نێو توندرەوانی سونیدایە. ناو براو گوتی: ئاگامان لێ یەو دەزانین کە مەودای تەقینەوەی بە هێز کە دروست کراوی ئێرانە لە ڕێگەی ڕژیمەوە کەوتۆتە دەست توندرەوە سونیەکان. ژنرال لینچ کە فەرماندەی بەغداو پێشتریش ناوچە شیعە نشینەکانیشی لە ئێختیاردابووگوتی: ئەوە روون و ئاشکرایە کە ئەو بۆمبانە دروستکراوی ئێرانە. بۆمبە قەراج ڕێگەکان کە ئەرتەشی ئەمریکا پێی دەڵێ بۆمبی دەست ساز بەیەکێك لە چەکە بەهێزەکان دەژمێردرێ کە سەربازانی ئەمریکای پێ لە ناوە دەبردرێ. ئەو بۆمبانە توانای هەڵتەکاندنی زرێ پۆشیان هەیە، هەرچەند کە ئەرتەشی ئەمریکا دەڵێ بەدەنەی زرێ پۆشەکان قایمتر کردوە. بەگوتەی ژنرال لینچ، کەرەسە گەلێك کە بۆپاراستن لە زرێ پۆشەکان کەڵکی لێ وەرگیردرێ لە هێندێك کات دا کاریی نیە لە گەڵ ئەوەی کە تروریستەکان بە شاردنەوەی ئەو مەوادە لە ژێر خاکدا کارێك دەکەن تا لە بەر چاوی دەستگاکانی کەشفگەری مەوادی تەقینەوە دوربن. ئەرتەشی وەڵاتەیە کگرتوەکان لەمێژە دەڵێ ڕژیمی ئێران تروریستەکانی عێراق بە چەکی پێشکەوتوو تەیاردەکات. لە حالێکدا کە ڕژیمی ئاخوندی تەقەلای بەهێزکردنی چەکدارە شیعەکان دەدات، بەو حاڵە ئەو لێپرساوە ئەمریکایە گوتی کە نیشانە گەلێکی شەفاف لە هەبونی پێوەندی نێوان چەکدارە توندرەوە سونیەکان و ڕژیمی ئێران بەدەست هاتوە. هاوکات ئەرتەشی ئەمریکالە عێراق ڕایگەیاند کە لە جەرەیانی هەڵمەتێکدا بۆ سەر ناوچەیێکی شیعە نشین لە بەغدا ١٠ چەکداری شیعە کوژران و ژورێکی شکەنجەش روخێندرا. بەگوتەی ئەرتەشی ئەمریکا، ئامانج لەو هەڵمەتە لەناوبردنی رایەڵەیێك بوو کە بۆمبی بەهێزیان لە ئێرانەوە بە قاچاخ دەهێنا عێراق. ئەوە دوو جارە لە ماوەی ئەم مانگەدا کە هێزەکانی ئەمریکا دەستیان داوەتە ئوپراسیونێکی بەهێز لە دژی ئەو تاقمانەی کە بەقاچاخ چەك لە ئێرانەوە دەهێننە عێراق. کەڵك وەرگرتن لە بۆمبەکانی قەراخ ڕێگەو هێرش کردنە سەر هێزەکانی هاوپەیمانان لەم ماوەیەدا رووی لە زیاد بون کردووە وتەنیا لە مانگی ئاوریلدا گەیشتۆتە ٦٥ جار.

***

# ڕۆژی ١ی مای لە کرێکارانی کوردستان و ئێران پیرۆز بێ

بختیار عزیزی



لەگەڵ یاد کردنەوەی هەر بۆنەیێك لە پێوەند بە ماف و داواکانی ناوەند و چینە جیاجیاکانی مرۆڤایەتی، یەکسەر سەرنجەکان بۆ لای ستەم و بێ عداڵەتی ی دەسەڵاتدارە ملهوڕەکان دەچێ کە ماف و خواستەکانی مرۆڤ پێشێل دەکەن.

لە بیرەوەری و ڕێز گرتن لە ڕۆژی ١ی مەی ڕۆژی جیهانی ی کرێکاران، بە روونی بەرچاو دەکەوێ لە زۆربەی وەڵاتانی جیهان ستەم بەرانبەر کرێکاران دەکرێ و ماف و داواکانیان نادرێ و پێشێل دەکرێ، کە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکان، لەگەڵ ئەوەی بەرانبەر تێکڕای چین و توێژەکان ستەم دەکرێ، لە بەرانبەر کرێکاران، ستەمی زیاتر و نامرۆڤانەتر بەرێوە دەچێ، کە هەر لە چەند مانگی ڕابردوودا لە سەرانسەری ئێران کرێکاران بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لە بەرانبەر ئەو گشتە ستەمەی بەرانبەریان دەکرێ کەوتوونە نارەزایەتی دەربڕینی کەم وێنە و دەسەڵاتداری ئاخوندییان خستۆتە ترس و دڵڕاوکێ، لە بەرانبەر ئەو ڕاپەڕین و نارەزایەتیەدا، بەرپرسانی ڕژیم کەوتونە ئازاردان و هەڕشە کردن لە کرێکاران و ژمارەیێکی بەرچاویان لێ گرتوون کە هەر لە درێژەی ئەو سەرکوتگەریەی، هێزەکانی ڕژیم لە کوردستانیشدا، کرێکاران کەوتوونە بەر زۆر و هەڕەشە و چەندین کەسیان گیراون و لە شاری سەقز چەند کرێکاری زیندانی کراو تا ئێستا چارەنووسیان نادیارە.

وەك ئاشکرایە بە هۆی سیاسەتی نەزانکارانە و دواکەوتووانەی دەسەڵاتی ئاخوندی هەژاری و برسیەتی بەرین و بێکاری رووی لە ئێران کردووەو، بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی ئەحمەدی نژاد، کە ڕایگەیاند بوو یارمەتی چینی هەژار و کرێکارانی ئێران دەدا و پووڵی نەوت و گاز و باقی کانزاکانیان دەداتێ، کە بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی ئەحمەدی نژاد هەر وەك دەبیندرێ ستەم و دڕندەیی ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان بە ڕادەیێك بێ بەزەییانە و نامرۆڤانەیە کە دڵی هەر مرۆڤێکی خاوەن هەست ئازار دەدا و هەواڵکیش لە دابەش کردنی پووڵی نەوت و گاز بە سەر خەڵکدا نیە و نابیندرێ.

ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان بە دیاری کردنی ئەحمەدی نژاد بە سەرۆك کۆماری ڕژیم و یەك چاو و یەك دەست کردنەوەی دەسەڵات و بڕیاردان بە سەرکوتی زیاتری چین و توێژەکانی خەڵك، مەبەستیان بوو کۆتایی بە نارەزایەتی و ڕاپەرینی جەماوەری لە ئێراندا بێنن، بەڵام هەڕشە و سەرکوتی زیاتری دەسەڵاتداری وای کردووە بێزاری خەڵك پەرە بستێنێ و یەکگرتوویی و پشتیوانی ناوەند و دامەزراوەکان لە نارەزایەتی و بەشداری کردنیان لە ڕێ پێوان و مانگرتنەکان، بە شێوەیێك کاریگەرە، کە زۆربەی کارناسان و شارەزایانی جووڵانەوە جەماوەریەکان بە نوقتە گۆڕانێکی بەرچاوی دەزانن لە جووڵانەوەی ئازادیخوازی لە بەرانبەر ڕژیمی ئاخوندیی ئێراندا.

پشتیوانی مامۆستایان و موعەلیمانی تێکۆشەر لە کرێکارانی ڕەنج دیتوو و بێ ماف هەروەها هاوکاری و پشتیوانی کرێکاران لە خەبات و نارەزایەتی مامۆستایان بە شێوەیێکە کە لە چەند ساڵی ڕاپەڕین و نارەزایەتی جەماوەریی لە ئێراندا کەمتر بیندراوە.

دەسەڵاتدارە ملهوڕەکان لە ئێراندا، بە درێژەدان بە سیاسەتی ستەم و تۆقاندن هەوڵ دەدەن، خەڵك بە تێکڕا و کرێکاران و مامۆستایان، لە نارەزایەتی بەرانبەر بە دەسەڵاتی ملهوڕانەیان بترسێنن کە ئەو هەڕەشە و سەرکوتە لە کوردستاندا بە شێوەیێکی بێ بەزەییانە بەرچاو دەکەوێ، هەر بە پێی هەواڵەکان، ڕۆژی سێ شەممە چواری بانەمەڕ ژمارەیێك لە کرێکارانی دەرکراو بە مەبەستی سەردانی مەحموود ساڵحی کرێکار نارازی شاری سەقز چوونە بەر زیندانی ناوەندی سنە، بەڵام ڕێگەیان پێ نەدراوە چاویان بە ناوبراو بکەوێ هەروەها، کەرەمی مورادی کرێکاری پترۆشیمی کرماشان، بە هۆی ئەوەی لە دەربڕینی نارەزایەتی، کۆمەڵی گشتی سەرانسەری کرێکارانی دەرکراو لە سنە، بەشداری کردبوو لە دوای گەڕانەوەی بۆ کرماشان گیراوە.

دەیان نمونەی بەرچاو لە سەر ستەم و بێعداڵەتیەکانی دەسەڵاتداری ئاخوندی بەرانبەر بە کرێکارانی ڕەنج دیتوو لە سەرانسەری ئێران و کوردستان بەرچاو دەکەوێ، کە گومان نیە ئەو ستەم و بێعداڵەتیانە لە داهاتووشدا زیاتر پەرە دەستێنن.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەگەڵ پشتیوانی لە خەبات و نارەزایەتی کرێکارانی ڕەنج دیتوو و مامۆستایانی قارەمان و تێکۆشەر، داوا لە جەماوەری کوردستان دەکا، پشتیوانی و هاوکاری کرێکارانی ڕەنج دیتوو و تێکۆشەر و ڕاپەڕیو بکەن و هەوڵ بدەن بە یەکێتی و تەبایی، سەراسەری و هاوکاری بەرین و بێ پسانەوە، کۆتایی بە ستەم و دڕندەیی ئاخوندان و ڕژیمی دواکەوتوو و دژی خەڵکی بێنن.

سازمانی خەبات بەبۆنەی ١ی مەی،١١ی بانەمەڕ ڕۆژی جیهانی کرێکار، پیرۆزبایی گەرم بە کرێکارانی کوردستان و ئێران ڕادەگەیێنێ و هومێدوارە، ستەم و بێعداڵەتی لە سەریان هەڵگیرێ و لە تێکۆشان و هەوڵیان بۆ ئازادی و ڕزگاری بە ئامانج بگەن.